ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## درووستکردنی پەڕەی خەتدار (فۆتۆشۆپ)

نووسەر: :@

1.سەرەتا پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە و وەک وێنەی خوارەوەی ڕێک بخە:




2.پاشان وێنەکە گەورەتر بکە تا نرخەکەی دەبێتە 1600% (بۆ گەورە کردن پەنجە بنێ بە ctrl لەگەڵ + ). 3.لە خشتەی ڕەنگەکاندا ، ڕەنگەکە بگۆڕە بە (4C98D9) کە دواتر دەبێتە ڕەنگ بۆ هێڵی سەر پەڕەکە ، پاشان ئامرازی Pencil Tool هەڵبژێرە :



لە خوارەوەی وێنەکە بەو ئامرازەی هەڵبژاردووە ڕەنگی کە وەک وێنەکەی خوارەوە:



4. ئێستا پەنجە بنی بە ctrl+A بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی وێنەکەو پاشان برۆ بۆ خشتەی edit >>difine pattern وە ناوێکی بنێ بە ئارەزووی خۆت. 5. دووبارە ڕەنگەکە بگۆڕە بۆ زەرد بەم شێوەیە FBF782 وە پاسان پەڕەیەکی نوێ بکەرەوەبە قەبارەی بەرزی 350 و پانی 300 (وە دەشتوانیت بە ئارەزووی خۆت قەبارەی پەڕەکە دیاری بکەیت)، پاشان برۆ بۆ خشتەی edit>>fill وە ئەم پەبجەرەیەت بۆ دەکرێتەوە :




بۆ Use >> pattern هەڵبژێرە وە لەو شوێنەی کە دیاریم کردووە کلیکی بکەو ئەو شێوەیەی کە درووستمان کردووە هەڵبژێرەو OK بکە ... لە کۆتاییدا کارەکە بەم شێوەیە دەبێت:

پاشان دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت دەستکاری بکەیت و ڕەنگەکان بگۆڕی ، وە هەروەها کاری تایبەتی خۆتی تێدا بکەیت.هیوادارم توانیبێتم بە ڕوونی شیمکردبێتەوە.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief

Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.

آگهی های سرویس عمومی گوگل

تبلیغات در این سایت